# پێڕەو و پرۆگرامی
# بنکەی ژین
# بۆ بوژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی

**ئەم بنکەیە بۆچی؟**

سامانی بەڵگەنامەو دەستخەتو ڕۆژنامەوانیی کوردی، لەبەر هەلومەرجی نالەباری کوردستان و نەبوونی ناوەندێك بۆ کۆکردنەوەو تێداپاراستن و بووژاندنەوەی، دوچاری فەوتان و لەناوچوون بووە، لێرەو لەوێ نارێکوپێك و بە کەموکوڕی و پەرش و بڵاوی ماوەتەوە.

دامەزراندنی ئەم بنکەیە، بۆ ڕزگارکردن و سەرلەنوێ زیندووکردنەوەو خستنەبەرچاوی ئەو سامانە و پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە ڕۆشنبیرییە، بە پێویست زانرا.

**ماددەی یەکەم:**

ناوی تەواوی "بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی"یە. ناوەندی سەرەکیی لە شاری سلێمانییە. بۆی هەیە لق لە شارەکانی تری کوردستان و دەرەوەیدا، بکاتەوە.

**ماددەی دووەم:**

بنکە، خاوەنی کەسێتییەکی سەربەخۆیە، مافی موڵکداری و ئاڵوێڵی بە ماڵ و موڵکی خۆیەوە هەیە، بۆ باربووکردنی کارەکانی خۆی بە شێوەیەکی یاسایی و لە چوارچێوەی ئامانجە دەست نیشانکراوەکانیدا.

**ماددەی سێیەم:**

**ئامانجەکانی بنکە:**

١. کۆکردنەوەی گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوە کوردییە کۆنەکان. وێنەگرتنەوەیان و لەسەر CD تۆمارکردنیان. پاشانیش لەچاپدان و بڵاوکردنەوەیان بە کتێب، بە ساغکردنەوەو لێکۆڵینەوەی پێویستەوە.

٢. کۆکردنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەو دەستخەتی کوردیو هی بیانیی تایبەت بە کورد، بەدەنگ و ڕەنگ و نووسینەوە، بۆ لەچاپدانەوەیان و بڵاکردنەوەیان.

٣. کۆکردنەوەو ڕێکخستنو سەرلەنوێ ئامادەکردنەوەی بەرهەمی پەرشوبڵاوی زانایانو نووسەرانی گەورەی پێشوومانو لەچاپدانەوەی سەرجەمی بەرهەمیان.

٤. وەرگێڕانی سەرچاوەی زانستیی بیانی لەسەر میللەتانی دراوسێی کوردو ناوچەکە.

٥. سازکردنی بیبلیۆگرافیای تەواو و جیاجیای ڕۆژنامەوانیو کتێبو دەستخەتی کوردیو بابەتەکانی لێکۆڵینەوەی کوردی.

٦. سوودوەرگرتن لە هەموو ڕێگەیەك بۆ ناساندن و بڵاوکردنەوەی بەرهەم و چالاکیەکانی بنکە، بە چاپەمەنی و ئیزگەو تەلەفزیۆن و ئینتەرنێتەوە.

ماددەی چوارەم:

بنکە، ئەنجوومەنێکی پێنج کەسی سەرپەرشتی دەکات، بەهەڵبژاردن یەکێکیان دەبێ بە بەڕێوەبەر، دوانیان بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن، دووەکەی تریان بە بەرئەندام (ئیحتیات) دەمێننەوە.

ماددەی پێنجەم:

دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن:

١. دانانی بەرنامەی کاری بنکە.
٢. سەرپەرشتی چاپەمەنیەکانی بنکە.
٣. دامەزراندنی کارمەندو پەسندکردنی دەست لەکارکێشانەوەیان.
٤. دیاریکردنی میلاکی بنکەو ئەرکی هەر کارمەندێك.
٥. پەسندکردنی پڕۆژەی بودجەی ساڵانەو دوا حیساب.
٦. کڕین و فرۆشتن و ڕەهنکاری لە ماڵو موڵکی بنکەدا.
٧. پەسندکردنی ڕێککەوتننامەی بنکە لەگەڵ لایەنەکانی تردا.
٨. پەسەدکردنی قەرز ەرگرتن و قەرزدان.
٩. پێکهاتن یا وازهێنان لە هەقێك یا داوایەك، یا ڕێککەوتن لەسەر ناوبژییەك کە پەیوەندییان بە بنکەوە هەبێ.
١٠. دەرکردنی ڕێنوێنیی پێویست بۆ هەڵسووڕاندنی کاروبار.
١١. دیاریکردنی وادەی کۆبوونەوە.

ماددەی شەشەم:

ئەرکەکانی بەڕێوەبەر:

١. سەرۆکایەتیکردنی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن.
٢. نوێنەرایەتیکردنی بنکە لەلای دەزگا ڕەسمی و ناڕەسمییەکان، لەکاتی پێویستدا ئەندامێکی دەستە دەکاتە وەکیلی خۆی.
٣. بەڕێوەبەردنی کاروباری بنکە بەپێی بەرنامەی کاری ئەنجومەن.
٤. بەجێهێنانی بڕیارەکانی ئەنجومەن.
٥. دەرکردنی فەرمانی خەرجی لە سنووری دیاریکراوی دەسەڵاتی ئەنجومەندا.
٦. ئامادەکردنی پڕۆژەی بودجەو میلاك و دواحیساب.

٧. ئیمزاکردنی نووسراوی ئیداریی بنکە.

٨. هەر ئەرکێك دەستە پێی بسپێرێ.

٩. دەتوانێ هەندێ ئەرکی خۆی بە ئەندامانی ئەنجومەن بسپێرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

بنکە، لیژنەیەکی ڕاوێژکاری لە شارەزایانی مەیدانی کاری خۆی، لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان دەبێ، بۆ سوودوەرگرتن لە زانیاری و شارەزاییەیان و بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی.

**ماددەی هەشتەم:**

**بەشەکانی بنکە:**

- بەشی کارگێری، کارمەندێکی ئیداری یا ئەندامێکی دەستە، بەڕێوەی ئەبا.
- بەشی ژمێریاری، ئەندامێکی دەستە، یا ژمێریارێك بەڕێوەی ئەبا.
- بەشی ئەرشیف، لە کۆکردنەوەو پاراستن و ئەرشیڤسازی بەرهەمەکانی ڕۆژنامەوانی و بەڵگەنامەیی، بەرپرسە. کارمەندێکی شارەزا، بەڕێوەی ئەبا.
- بەشی کۆمپیوتەر، دوو کارمەندی شارەزا لە بواری کۆمپیوتەرو سکانکردندا، بەڕێوەی ئەبا.
- بەشی سەرپەرشتیی چاپەمەنی، بە ناوەکەیدا دیارە کە سەرپەرشتیی چاپەمەنیەکانی بنکە دەکات.

**ماددەی نۆیەم:**

**دارایی:**

ئ. داراییی بنکە، پێك دێ لە:

- یارمەتیەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دامەزراندنی بنکە.
- بەخششی ساڵانەی وەزارەتی داراییی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.
- داهاتی موڵك و ماڵ و چاپکراوەکانی.
- کۆمەکی ماددی هاوکارانی دەرەوەی بنکە.

ب. ژمێریاریی بنکە، چاودێری، دیوانی چاودێریی داراییی لەسەر دەبێ.

**ماددەی دەیەم:**

ئەنجومەنی لیستی میلاکی بنکەو ئەرکی کارمەندان و مووچەی ئەندامان و کارمەندان، بە فەرمانێك دیاری دەکات.

**ماددەی یانزەهەم:**

هەڵوەشاندنەوەی بنکە، بە بریاری ئەنجومەن دەبێ، لەکاتی هەڵوەشاندنەوەیدا، سامان و موڵك و ماڵی دەدرێتە ئەو لایەنە گشتییەی کە ئەنجومەن دەست نیشانی دەکات.

**ماددەی دوانزەهەم:**

**داواکارانی دامەزراندنی بنکە، تا کاتی پێکهێنانی ئەنجومەن، ئەرکەکانی جێبەجێ دەکەن.**

**رەفیق ساڵح ئەحمەد سدیق ساڵح ئەحمەد عەبدوڵڵا زەنگەنە عەبدولڕەقیب یووسف**
**فازڵ کەریم (مامۆستا جەعفەر)**

**٢٥ی مارتی ٢٠٠٤**
**کوردستان – سلێمانی**

# بانگەواز

**هەلومەرجی ڕابردووی کوردستان، زیانێکی زۆری لە سامانی بەڵگەنامەو ڕۆژنامەوانیی کوردی داوە. بەو پێیە، بەشێکی دیاری ئەو سامانە دوچاری فەوتان و لەناوچوون بووە، بڕێکی کەمی لێرەو لەوێ بە پەرش و بڵاوی، ناڕێکوپێك و ناتەواو ماوەتەوە. وەك حکوومەت، بایەخی پێ نەداوەو دەزگای تایبەتی بۆ پاراستنی دانەناوە، هۆشیاریی بەڵگەنامەپاراستن و زیندووکردنەوەی ئەم کەلەپوورە لەناو ڕۆشنبیران و خوێندەوارانی کوردیشدا نەبوە.**

**دەزگا ڕۆشنبیریە کوردیەکانی ئەمڕۆی کوردستان، نەك وەکوو پێویست لایان لەم مەیدانە نەکردوەتەوە، بەڵکوو هەر بەشدارییەکیان لە ژیاندنەوەیدا بە ئەرکی خۆیان نەزانیوە، هەرچەندە ئەم سامانە فەرامۆشکراوە، لایەنێکی بەرچاوی ناسنامەی نەتەوەییمان پێك دەهێنێ.**

**لەو ڕووەوە کە ئێمە دەرکمان بە پێویستیی هەبوونی دەزگایەکی تایبەت بە ڕزگارکردن و بوژاندنەوەی ئەم سامانە کردووە، "بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی"مان بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە ڕۆشنبیرییە، بە پشتیوانی و هاوکاریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دڵسۆزانی کەلەپووری کوردی، دامەزراند.**

**هیوامانە شارەزایان و خەمخۆرانی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان، بە ڕێنوێنی و بەرهەمی شایان و کۆمەکی ماددی و مەعنەوی، بە پیر بانگەوازەکەمانەوە بێن و هاوکارو پشتگیرمان بن، تا بە هەوڵی پێکەوەیی هەموان، خزمەتێکی گەلەکەمان بکەین و ئەم کەلەپوورە گرانبەهایە بژیەنینەوە.**

**چاوەڕوانی هەموو یارمەتی و بەدەنگەوە هاتنێکتانین.**

**بنکەی ژین**
**بۆ بوژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی**

* بنكەی ژین، دەزگایەكی كەلتوورییە، كۆتاییی ساڵی ٢٠٠٤ دامەزراوە، كار بۆ بەدەستهێنانی قازانجی ماددی ناكات، بەڵكوو جگە لە تێكۆشانی بۆ كۆكردنەوەو پاراستن‌و ساغكردنەوەی بەڵگەنامەو كتێبی دەستخەت‌و پەیداكردنی هەموو سەرچاوەكانی لێكۆڵینەوەی كوردی، بە هەر زمانێك بێ، هەوڵی لەچاپدان‌و بڵاوكردنەوەی كتێب دەدات لەم بوارانەدا:

- بەڵگەنامەی كوردی‌و هی بیانیی تایبەت بە كورد،
- مێژووی ڕۆژنامەوانیی كوردی،
- كتێبی دەستخەتی زانایانی كورد،
- كۆكردنەوەی سەرجەمی بەرهەمی زانایان‌و نووسەرانی گەورەی زوومان،
- سازكردنی بیبلیۆگرافیای تایبەت بە كتێب‌و ڕۆژنامەوانی‌و بابەتەكانی تری لێكۆڵینەوەی كوردی،
- وەرگێڕانی سەرچاوەكانی كوردناسی لە زمانانی جیاجیای بیانییەوە،
- مێژووی میللەتانی دراوسێی كوردو ناوچەكە.

بنكەی ژین، وەك ئامادەی هاوكاری‌و بەپیرەوەچوونی هەموو لێكۆڵەرەوەو توێژەرەوەیەكە لە مەیدانی بابەتەكانی جێی بایەخی بنكەدا كار دەكەن، چاوەڕوانی بەدەنگەوەهاتن‌و هاوكاری‌و هیممەت نواندنی هەموو دڵسۆزو خەمخۆرێكی كەلەپووری شارستانێتیی كوردیشە، بۆ دەوڵەمەندكردن‌و گەشەپێدانی ئەم دەزگایەو سەرخستنی پڕۆژەكانی.

* بنكەی ژین، هەر لە سەرەتاوە بە باربووی حكوومەتی هەرێمی كوردستان دامەزراوە؛ بودجەی مانگانەی لە ئابی ٢٠٠٤ بەدواوە تا كۆتاییی ٢٠٠٦ (١٢٠٠٠٠٠٠) دوازدە ملیۆن دینار بووە. لە ٢٠٠٧دا كەم كرایەوە بۆ (٦٠٠٠٠٠٠) شەش ملیۆن دینار. لە سەرەتای ٢٠٠٨ یشەوە كرایەوە بە (١٢٠٠٠٠٠٠) دوازدە ملیۆن دینار.

جگە لەو سەرچاوە سەرەكیەی دارایی، جاروبار هێندێ كەس‌و لایەنی بەڕێز –بەسوپاس‌و پێزانینەوە– بەرودوا هاوكاریی ماددییان كردووین‌و خەرجیی چەند كتێبێكی بنكەیان كێشاوە، كە ئەمانەی لای خوارەوەن:

- كاك عوسمان عەبدولكەریم: كتێبی (تابلۆكانی شەرەفنامە).
- بەڕێز مام جەلال: كتێبی (معجم أعلام الكرد).
- كاك نەوشیروان مستەفا ئەمین: هەردوو كتێبی (حكومت كردستان، كردها در بازی سیاسی شوروی)و (تاریخ سیاسی كردها).

– فیستیڤاڵی سێیەمی بەدرخان: هەردوو کتێبی (سەبارەت بە دوورخستنەوەو بڵاوەپێکردنی کوردان)و (بیرەوەریی بەرهەڵستێك).

– ئیدارەی دارایی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان: کتێبەکانی (شاری سلێمانی، ململانێی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان)، (حکوومەتی کوردستان ١٩١٨–١٩٢٤)، (شێخ مەحموودی حەفیدزادە لە بەڵگەنامەی فرانسیدا)، (ئەلبوومی شێخ مەحموودی حەفید)، (یادنامەی شێخ مەحموودی حەفید)، (حکوومەتی کوردستان لەناو مەتەڵی سیاسەتی بریتانیادا)، (قوات اللفي العراقية)، (دیوانی محەمەد ڕەسووڵ هاوار)، (بیرەوەری– محەمەد ڕەسووڵ هاوار).

– مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان: (التقرير الإداري لمنطقة كركوك).

– دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس: هەردوو کتێبی (ڕۆژنامەی کوردستان ١٣٢٤–١٣٢٥ی هەتاوی/ ١٩٤٦)و (ڕۆژنامەی "تێگەیشتنی ڕاستی ١٩١٨–١٩١٩ یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە عیراق) لە چوارچێوەی پڕۆژەی کاری هاوبەشی هەردوو دەزگادا.

* بنکەی ژین، بەشداری لیژنەیەکە بۆ ساڵانە یادکردنەوەی گەورەپیاوانو زانایانو ڕۆشنبیرانی کوردو ئەوەی کردووە بە نەریت. ساڵی ٢٠٠٦ (پەنجاهەمین ساڵیادی کۆچی دوایی شێخ مەحموودی حەفید)، ساڵی ٢٠٠٧ (یەکەمین ساڵیادی کۆچی دوایی شاعیرو مێژوونووس محەمەد ڕەسووڵ هاوار)ی کردەوە. لە یەکەمیاندا هەشت و لە دووەمیاندا دوو کتێبی چاپو بڵاو کردەوە. بەدەستەوەیە ئەمساڵ (٢٠٠٨) یادی شەست ساڵەی کۆچی دوایی مێژوونووسی گەورە محەمەد ئەمین زەکی بەگ بکاتەوە.

* بنکەی ژین، هەر لە هەووەڵی کارەوە، بۆ بەردەوامیی ئەم پڕۆژە نەتەوەییو نیشتمانییەی خۆی، بە هەوڵو یارمەتیی دڵسۆزان پارچەیەك زەویی (١٠٤٩ مەتری دووجا)ی لە (گەڕەکی بەرانان)ی شاری سلێمانی، بە تەنیشت مزگەوتی شێخ فەریدەوە، لە شارەوانیی سلێمانی وەرگرت. دواجار پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بڕیاریان دا (تەلاری ژین) بە بودجەی ئەنجومەن لەسەر ئەو زەوییە دروست بکرێ. ئەو پڕۆژەیە لە ٢٠٠٧دا دەستی پێ کراوە، وا کە لە نیوەی دووەمی ٢٠٠٨دا تەواو ببێو تەسلیم بکرێ.

تەلاری ژین، لە چوار نهۆمو ژێرزەمین پێك هاتووە، تەرخان دەبن بۆ:

- هۆڵێکی گەورەی ٣٠٠ کورسیی بۆ کاری شانۆییو سینەماییو کۆڕو سیمینار.
- کتێبخانەو ئەرشیڤێکی دەوڵەمەند بۆ کتێبو دەستخەتو بەڵگەنامەو ...
- چاپخانە لە ژێرزەمیندا (لە داهاتوودا).
- هۆڵی کردنەوەی پێشانگای کتێبو هونەری شێوەکاریو ...

- هۆڵی فێربوونی زمان.

* بارەگای بنکەی ژین، لە ئابی ٢٠٠٤ تا ئەیلوولی ٢٠٠٦ کرێچیی (خانووی ژمارە ١٠، کۆڵانی ٣٩، گەڕەکی ١٠٤ی ئاشتی، بەرامبەر بە قوتابخانەی سەرەتاییی ئەردەڵان)؛ لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦ بەدواوە تا کانوونی دووەمی ٢٠٠٧ هی (خانووی ژمارە ٧٢، شەقامی ٧٥ی سەگرمە، گەڕەکی ١١٩، سەرچنار)؛ لە شوباتی ٢٠٠٧ یشەوە هی (خانووی ژمارە ٢٣، کۆڵانی ٥، گەڕەکی ١٠٥، ئەندازیاران)ە.

* بنکەی ژین، ئەنجومەنێکی هەیە، حاڵی حازر بریتییە لە:
- ڕەفیق ساڵح: بەڕێوەبەری بنکە.
- سدیق ساڵح: ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی بنکە.
- عەبدوڵڵا زەنگەنە: ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی بنکە.
- فازڵ کەریم: ئەندامی ئەنجومەن.

* ستاقی کارمەندانی بنکەی ژین، بریتییە لە :
١- سدیق ساڵح: سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە.
٢- سیروان خەلیل: تایپکردن.
٣- ئەڤین ڕەفیق: سکان و پاککردنەوەی بەڵگەنامە.
٤- سەرخێڵ مەهدی: جێبەجێکەری ماڵپەڕی بنکە.
٥- حەسەن عەبدولکەریم: هەڵەبڕی.
٦- محەمەد تەقی حەسەن: گەنجینەو کتێبخانە.
٧- دڵشاد عەبدولمەجید: ژمێریاری.
٨- هێمن ڕەفیق: شوفێر.

* مۆنتاجی ناوەڕۆکی کتێب، لە زنجیرە کتێبی ژمارە (١-١٣) ڕێبوار ئەوڕەحمان، لە (١٧-٥٨) یادگار ئەوڕەحمان "ڕێنوار"، لە (٦١) بەدوایشەوە تائێستا "سدیق ساڵح"ی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی بنکە، لەپاڵ کارەکانی تریدا، جێبەجێی دەکات.

* دیزاینی ڕووبەرگی کتێب، لە کتێبی ژمارە (١-٧٧، ٧٩) هونەرمەندی بەهرەدار قادر میرخان، هەردوو کتێبی ژمارە(٧٨، ٨٠) سەرخێڵ مەهدی کردوویانە. لە کتێبی ژمارە (٨١)یشەوە خەتخۆشی دەستڕەنگین ئەحمەد سەعید سازیان دەکات. ئەمە جگە لەوەی کە خەتی ڕووبەرگی هەموو کتێبەکانیش سەرپاك قەڵەمکێشی ئەحمەد سەعیدن.

* سەرپەرشتی ماڵپەڕی بنکەی ژین: سدیقساڵح

جێبەجێکەری ماڵپەڕ: سەرخێڵ مەهدی

* لیستی کتێبی لەچاپدراوی بنکەی ژین:

* پێڕەو و پرۆگرامی بنکەی ژین:

* ئەو نووسەر و وەرگێڕ و ئامادەکارانەی کە (بنکەی ژین) کتێبی بۆ لەچاپ داون:

١- عەبدولڕەقیب یووسف

٢- دکتۆر نەجات عەبدوڵڵا

٣-سەلمان عەلی

٤- سەلاحەددین ئاشتی

٥- ئەنوەر سوڵتانی

٦- دکتۆر سەڵاح هرووری

٧- دکتۆر محەمەد عەلی سوێرکی

٨- سمایل بەختیار

٩- دکتۆر خەلیل عەلی موراد

١٠- دکتۆر یاسین سەردەشتی

١١- ڕەزای شەجێعی

١٢- زریان ڕۆژهەڵاتی

١٣- سەربەست کەرکووکی

١٤- دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی

١٥- کۆنی ڕەش

١٦- هیوا حەمید شەریف

١٧- فازڵ کەریم "مامۆستا جەعفەر"

١٨- دکتۆر موئەییەد ئەلوەنداوی

١٩- صادق ئەلجەللاد

٢٠- عەبدولڕەحمان ئیدریس صاڵح ئەلبەییاتی

٢١- مەحموود مەلا عیززەت

٢٢- کۆزاد محەمەد ئەحمەد

٢٣- ئەحمەد محەمەد قادر

٢٤- محەمەد عەلی قەرەداغی

٢٥- هەڤاڵ ئەبووبەکر حسەین

٢٣- حەسەن عەبدولکەریم

٢٦- حسێن حەسەن کەریم

٢٧- شاخەوان عەبدوڵڵا سابیر

٢٨- جووتیار تۆفیق

٢٩- دکتۆر سەعد بەشیر ئەسکەندەر

٣٠- دکتۆر عوسمان دەشتی

٣١- دکتۆر عەبدی حاجی

٣٢- ئەنوەر قادر محەمەد

٣٣- دکتۆر هیمداد حوسێن

٣٤- عەلی کەریمی

٣٥- ڕەفیق ساڵح

٣٦- عەبدوڵڵا زەنگەنە

٣٧- سدیق ساڵح

* بنکەی ژین، ئامادەیە بۆ هاوکاریی ئەو بەڕێزانە کە دەستیان بە کتێبەکانی ڕاناگات، هەر کتێبێکیان پێویست بێ، دوای ناردنی ناونیشانیان لەڕێی پۆستەوە بۆیان ڕەوانە بکات، بە مەرجێك جگە لە نرخی کتێب، کرێی پۆستکردنیش بدەن.

## لیستی نرخی کتێبەکانی بنکەی ژین

| ناوی کتێب | نرخ | |
|---|---|---|
| | بە دینار | بە دۆلار |
| ١- ڕۆژنامەی ژیان، ب٣ | ٣٠٠٠ | |
| ٢- پەیدابوون و دروستکردنی چەکی ئاگردار لە کوردستان | ١٠٠٠ | |
| ٣- کوردستان لە بەڵگەنامەکانی کونسڵی فڕەنسیدا لە بەغدا ١٩١٩ | ١٢٥٠ | |
| ٤- بازیا نیکیتین و کوردناسی | ٢٠٠٠ | |
| ٥- تۆمارێکی شارەوانیی سلێمانی | ٢٥٠٠ | |
| ٧- ڕۆژنامەی ژیان، ب٤/ بەشی یەکەم | ٤٠٠٠ | |
| ٨- سەرجەمی بەرهەمی عەبدولعەزیز یامولکی | ١٧٥٠ | |
| ٩- کوردستانی عیراق لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا/ ب١ | ٢٠٠٠ | |
| ١٠- گۆڤاری ڕۆژی کورد | ٣٥٠٠ | |

| | | |
|---|---|---|
| ١١- عەبدولڕەزاق بەدرخان | ١٠٠٠ | |
| ١٢- یادگاری لاوانو دیاری لاوان | ٢٠٠٠ | |
| ١٣- دیالێکتی سلێمانی | ١٧٥٠ | |
| ١٤- کەریم خانی زەند | ٨٠٠٠ | |
| ١٥- درایڤەرو کورد | ١٢٥٠ | |
| ١٦- سەرجەمی بەرهەمی محەمەدئەیم زەکی بەگ/ ب١ | ٣٥٠٠ | |
| ١٧- الآكراد الاردنيون ودورهم في بناء الاردن الحديث | ١٥٠٠ | |
| ١٨- دوو زەیلی شەرەفنامە | ١٧٥٠ | |
| ١٩- تابلۆکانی شەرەفنامە | ٢٠٠٠ | |
| ٢٠- الموصل وكركوك في الوثائق العثمانية | ٣٠٠٠ | |
| ٢١- مشاهير الكرد وكردستان | ٤٠٠٠ | |
| ٢٣- حكومت كردستان، كرد در بازى سياسى شوروى | ٣٥٠٠ | |
| ٢٤- هەڵوێستی حیزبی توودە لەحاست کێشەی کورد | ١٥٠٠ | |
| ٢٥- تاریخی سلێمانی وە ولاتی | ٣٥٠٠ | |
| ٢٦- معجم أعلام الكُرد | ٩٠٠٠ | |
| ٢٧- الآثار الكاملة لـ "توفيق وهبى"/ ج١ | ٤٠٠٠ | |
| ٢٨- لاهووتیی کرماشانی | ٢٥٠٠ | |
| ٢٩- کتێبخانەی ڕۆژهەڵات | ١٢٥٠ | |
| ٣١- سەبارەت بە دوورخستنەوەو کۆچ پێکردنی کوردان | ١٥٠٠ | |
| ٣٢- بیرەوەریی بەرهەڵستێك | ٢٠٠٠ | |
| ٣٣- ڕاپەڕینی کوردە عەلەویەکانی دێرسیم | ١٥٠٠ | |
| ٣٤- وتارنامە | ٢٥٠٠ | |
| ٣٥- ڕاپۆرتی کارگێڕیی دەڤەری کەرکووك | ٢٠٠٠ | |
| ٣٦- شەوێكو خەوێك- بستووی ژیان | ٢٥٠٠ | |
| ٣٧- کوردستانی پشت قەفقاس | ٤٥٠٠ | |
| ٣٨- هۆزو تیرەو تایفەی کورد لە کوردستانی ئەردەڵان | ١٧٥٠ | |
| ٣٩- القامشلي- دراسة في جغرافية المدن | ١٥٠٠ | |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٠- كتێبی ئێزیدیەکانو بیبلیۆگرافیای ئێزیدیاتی | ٢٥٠٠ | |
| ٤١- تاريخ سياسى كردها | ٤٠٠٠ | |
| ٤٢- خولاصەی تاریخی کوردو کوردستان | ٥٥٠٠ | |
| ٤٣- توفيق وهبي ودوره السياسي والثقافي | ٣٠٠٠ | |
| ٤٤- النضال والإخفاق، المسألة الكردية من ١٩٢٣-١٩٤٥ | ٤٠٠٠ | |
| ٤٥- مێژووی پەیوەنیەکانی ڕووسیاو کورد | ١٧٥٠ | |
| ٤٦- جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی کوردو ڕۆژنامەکەی | ٢٥٠٠ | |
| ٤٧- کوردستانی ناوەڕاست لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ. ز. دا | ٤٥٠٠ | |
| ٤٨- موقف مجلس النواب من القضية الكردية في العراق ١٩٢٥-١٩٤٥ | ٣٥٠٠ | |
| ٤٩- ئێرانی سەردەمی سەفەوی | ٥٠٠٠ | |
| ٥٠- ڕووداوەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە بەلگەنامەی سۆڤێتیدا | ٢٠٠٠ | |
| ٥١- تاريخ الآسرة السنوية في بغداد | ٢٠٠٠ | |
| ٥٢- چەشنە ئەدەبیو ڕۆژنامەنووسیەکانو ڕەنگدانەوەیان لە "ژیانو ژین"دا | ٥٠٠٠ | |
| ٥٣- رفيق حلمي دراسة تاريخية في نشاطه السياسى والثقافي | ٤٠٠٠ | |
| ٥٤- مذكرات محمد محمدأمين دربند فقرەيي | ٣٥٠٠ | |
| ٥٥- في رحاب أقلام وشخصيات كردية | ٢٠٠٠ | |
| ٥٦- بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی<br>لە ڕۆژهەلاتی کوردستانو دەرەوەیدا | ٢٥٠٠ | |
| ٥٧- کتێبی دیاربەکرییە | ٨٠٠٠ | |
| ٥٨- ڕۆژنامەی "کوردستان" مەهاباد ١٣٢٤-١٣٢٥ی هەتاوی ١٩٤٦ | ٢٥٠٠٠ | |
| ٥٩- چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزە کوردەکانی کوردستانی خواروو | ٢٥٠٠ | |
| ٦٠- من التخطيط الى التجزئة-<br>سياسة بريطانيا العظمى تجاه مستقبل كردستان ١٩١٥-١٩٢٣ | ٦٠٠٠ | |
| ٦١- ڕۆژنامەی "تێگەیشتنی ڕاستی"<br>یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە عیراق ١٩١٨-١٩١٩ | ٦٥٠٠ | |
| ٦٢- شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی/ ب٢ | ٦٠٠٠<br>٨٠٠٠- بەرگدار | |
| ٦٣- پێگەی کەمال فەوزی لە ڕێکخراوەکانی کورددا | ٣٠٠٠ | |
| ٦٤- بیرەوەریەکانی محەمەد شاپەسندی | ٣٥٠٠ | |

| | | |
|---|---|---|
| ٦٥- کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردیەکان ١٩١٨-١٩٣٣<br>لە بەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بریتانیاو فەرانسادا | ٤٥٠٠ | |
| ٦٦- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی دووەم جەنگی جیهانیدا | ٥٥٠٠ | |
| ٦٧- قەتڵوعامی کورد لە تورکیا | ٢٠٠٠ | |
| ٦٨- دراسات حول الكرد الإيرانيين وأسلافهم الكلدانيين الشماليين | ٢٠٠٠ | |
| ٦٩- چەند وتارێکی کوردناسی | ٦٥٠٠ | |
| ٧٠- ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی | ٥٥٠٠ | |
| ٧١- كتابات في المسألة الكردية، ج١ | ٤٢٥٠ | |
| ٧٢- نیشتمان بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ. ك | ٥٥٠٠ | |

* بارەگای بنکەی ژین، لە دامەزرانیەوە لە خانووی کرێدایە، لە شوباتی ٢٠٠٧ بەدواوە لە (خانووی ژمارە ٧٣، کۆڵانی ٥، گەڕەکی ١٠٥ ئەندازیاران)ە، لە ئابی ٢٠٠٤ەوە تا ئەیلوولی ٢٠٠٦ لە (خانووی ژمارە ١٠، کۆڵانی ٣٩، گەڕەکی ١٠٤ی ئاشتی- بەرامبەر بە قوتابخانەی سەرەتاییی ئەردەڵان)، لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦یشەوە تا کانوونی دووەمی ٢٠٠٧ لە (خانووی ژمارە ٧٣، شەقامی ٧٥ سەگرمە، گەڕەکی ١١٩ سەرچنار)دا بووە.

* بنکەی ژین، بۆ بەردەوامی و سەرخستنی پڕۆژەی کاری خۆی، ساڵی ٢٠٠٥ پارچە زەوییەکی (١٠٤٩ مەتری دووجا)ی لە شارەوانیی سلێمانی وەرگرت؛ حکوومەتی هەرێمی کوردستان- ئیدارەی سلێمانی لە ٢٠٠٦دا ڕازی بوو (تەلاری ژین)ی بە خەرجیی خۆی لەسەر دروست بکات. یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی، ئەو کارەی دوا خست. تا دواجار ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە ٢٠٠٧دا بڕیاری دروستکردنی ئەو بینایەی دا لەسەر بودجەی خۆی. کۆمپانیای (سیلا) قۆنتەراتی ئەو پڕۆژەیەی وەرگرت، وا کە لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٠٨دا بە تەواوبوونی بگەیەنێ.

تەلاری ژین، لە چوار نهۆمو ژێرزەمینێك پێك هاتووە، تەرخان دەبێ بۆ ئیدارەخانەی بنکەی ژین، هۆڵی کتێبخانەی گەورەی کتێبی تایبەت بە مێژوو و جوگرافیاو زمانو کۆمەڵناسیی کوردی، ئەرشیڤی گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێبی دەستخەتو بەڵگەنامە، مووزەی تایبەت بۆ پاشماوەی زانایانو نووسەرانو گەورەپیاوانی کورد، هۆڵی گونجاو بۆ کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی و پیشانگای شێوەکاریو کردنەوەی پیشانگای کتێب، هۆڵی ٤٠٠ کورسیی گونجاو بۆ کۆڕو سیمینارو شانۆو سینەما، موختەبەری دەنگ بۆ فێربوونی زمان.

تەلاری ژین، بەو بەرنامەیە کە بۆی دانراوە، ئەگەر کێشەی داراییی چارەسەر ببێ، وا چاوەڕوان دەکرێ ببێتە سیماو بەرجەستەکراوێکی شارستانی لە کوردستاندا. هیوامانە کەسانی

مشوورخۆرو بەتەنگەوەهاتووی ئەم مەیدانە، ئەوی لەو لایەنەوە پێیان دەکرێ، دریغی نەکەن‌و ڕێنوێن بن.

* بنکەی ژین، کە بە تەمایە بە دووەم بەشی بەرگی چوارەمی ڕۆژنامەی ژیان (ژمارەکانی ٤٠٧-٥٥٣) کۆتایی بە زیندووکردنەوەی سەرجەمی ژمارەکانی ڕۆژنامەی "ژیان" بهێنێ بە چوار بەرگ، سەرباری سۆراخێکی زۆر لە کتێبخانە گشتی‌و تایبەتەکان، ژمارەکانی (٤٠١-٤٠٦)ی ئەو ڕۆژنامەیەی چنگ نەکەوت. سوپاسی ئەو کەس‌و لایەنانە دەکەین کە لەم ڕووەوە هیممەت دەنوێنن‌و دەتوانن لە پەیداکردنی ئەو ژمارانەدا هاوکارمان بن.

* ئەو کەسە بەڕێزانەی وا لە ناوەوەی کوردستان تەماشای ماڵپەڕی (بنکەی ژین) دەکەن‌و دەیانەوێ بەرهەمەکانی بنکەیان دەست بکەوێ، دەتوانن لەم شوێنە دیاریکراوانەی لای خوارەوە کە بریکاری بنکەن، پەیدایان بکەن:

- سلێمانی: کتێبخانەی ئەندێشە، شەقامی پیرەمێرد- نزیکی سەرا.
- هەولێر: کتێبخانەی ئاویەر، نزیکی پارێزگا،
  کتێبخانەی سۆران، هەمان شوێن.
- دهۆك: کتێبخانەی جزیری،
  کتێبخانەی گازێ،
- کەرکووك: کتێبخانەی ڕۆژ.

ئەوانەیش کە لە دەرەوەی کوردستانن‌و ئەو بەرهەمانەیان گەرەکە، دەتوانن لەڕێی ئەم ماڵپەڕەوە پەیوەندیمان پێوە بکەن، بنکەیش ئامادەیە هەموو هاوکاری‌و کارئاسانییەکیان بۆ بکات‌و داواکانیان بەجێ بهێنێ.

سەبارەت بەو وێنە مێژوویی‌یانەیش کە لەم ماڵپەڕەدا خراونەتە بەرچاو، هەر بەڕێزێك مەبەستی بێ بۆ ئیش لەسەرکردن کۆپیی هەر دانەیەکیانی دەست بکەوێ، بە هەمان شێوە دەتوانێ پەیوەندی بکات. بنکەیش ئامادەیە بەدەنگەوە بێ. جێی باسە، ئەو وێنانە سەرپاك هی ئەرشیڤی "سدیق ساڵح"ن، ئەم ١٠-١٥ ساڵەی دوایی بە هاوکاری‌و یارمەتیی کۆمەڵێك دڵسۆز کە لە داهاتوودا بۆ مێژوو ناویان دەبرێ‌و بڵاو دەکرێتەوە، کۆی کردوونەتەوە.

* بنکەی ژین، پاش هەوڵ‌و هیممەتێکی زۆر توانیی (٧٩) حەفتاونۆ ژمارەی ئۆریجناڵ‌و (٣) سێ ژمارەی کۆپیکراوی (ڕۆژنامەی کوردستان)ی دەورانی حکوومەتی میلیی کوردستان لە مەهاباد، لە کۆی ١١٢ یا ١١٣ یان ١١٤ ژمارە، پەیداو چاپ‌و بڵاو بکاتەوە. جا بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بشێ چاپێکی بێ کەموکوڕیی سەرجەمی ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامەیە بکرێتەوە، ڕوو لەو بەڕێزانە دەنێین کە ژمارە بڵاونەکراوەکانی ڕۆژنامەکەیان لەلا دەست دەکەوێ‌و پاراستوویانە، بفەرموون

هاوکاری لە تەواوکردنی ئەم پڕۆژە نەتەوەیی‌یەدا بکەن. بنکە، پێشەکی سوپاسی هاوکاری‌و بەدەنگەوەهاتنیان دەکات.

پێویستە بگوترێ، خۆشبەختانە بەشی هەرە زۆری ڕۆژنامەوانیی پێش‌و سەروبەندی حکوومەتی میلیی کوردستان بەگشتی لە فەوتان ڕزگار کراوە، جگە لەو ٨٢ ژمارەیەی ڕۆژنامەی **"کوردستان"**، تائێستا ئەمانەی لێ لەچاپ دراون: گۆڤارەکانی **"هەڵاڵە"**، **"گڕوگاڵی منداڵانی کورد"**، **"ئاوات"**، **"نیشتمان"**، **"هاوار یا هاواری کورد"**؛ ڕۆژنامەی **"هاواری نیشتمان"**. بنکەی ژین نیازی وایە، بۆ تەواوکردنی پڕۆژەی لەچاپدانەوەی هەموو گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژگارە، لە داهاتوویەکی نزیکدا سەرجەمی ژمارەکانی گۆڤاری **"کوردستان"** و تاقە ژمارەکەی گۆڤاری **"هاواری نیشتمان"**ی هەمان ڕۆژگاریش لە بەرگێکدا چاپ بکات‌و بخاتە کتێبخانەی کوردییەوە.

* کێشەیەکی پیشەسازیی کتێب دروستکردن، بازاڕو چۆنیەتی ساغکردنەوەیەتی. بە داخەوە هێشتا کوردستان بریکاری دابەشکردنی تێدا پەیدا نەبوە، تا کتێبی کوردی بە ئاسانی لەوڕێیەوە بگاتە هەموو شوێنێك. لەپاڵ ئەوەدا دەزگاکانی چاپ‌و بڵاوکردنەوەی کوردی جۆرێك لە هاوئاهەنگی‌و هاوکاریی پێویست لە نێوانیاندا نییە، تا پیشەسازیی کتێب بەرەو ئاقارێکی گەشەکردووی پێشکەوتوو ببات.

بنکەی ژین، ساڵێك زیاترە لە بیری هەوڵداندایە بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێك هەموو دەزگاکانی چاپ‌و بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی کۆ بکاتەوەو ڕێك بخات، تا بتوانن پێکەوە کاری هاوبەش بکەن‌و بەشداری پیشانگاکانی جیهانیی کتێب بن‌و جێ‌وڕێیەکی مەعنەوی لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان بە کتێبی کوردی ببەخشن. بۆ ئەو مەبەستە قسە لەگەڵ زۆربەی ئەو دەزگایانەی کوردستاندا کرا، کە تێکڕا قایل بوون‌و بەپیر داواکەمانەوە هاتن. ئەوە بوو وەك بنەما پێڕەو و پرۆگرامێکی لەبەر ڕۆشناییی پێڕەو و پرۆگرامی بیانیدا وەر گێڕاو داڕشتەوە، وا کە بشێ بۆ کۆمەڵەیەکی دەزگاکانی چاپ‌و بڵاوکردنەوەی کوردی. نیسانی ڕابوردوو نوێنەرانی دەزگاکانی ئاراس‌و سەردەم‌و بنکەی ژین‌و سپیرێزو حەمدی‌و موکریانی‌و هی تر بۆ یەکەم جار لە بارەگای دەزگای ئاراس لە هەولێر کۆبوونەوەو قسەیان لەوبارەیەوە کرد. بە ئومێدین ئەو کارە بۆ خزمەتی کتێبی کوردی بەزوویی ڕابپەڕێنرێ‌و سەر بگرێ.

* بنکەی ژین، لە سەرەتای دەست بەکاربوونیەوە لە بیری دەرکردنی گۆڤارێکدا بوو بۆ هەمان ئەو بابەتانە کە خۆی کاریان بۆ دەکات، بەڵام لەبەر پڕکاری‌و پڕۆژەی هەمەلایەنەی تر نەدەپەرژا ئەم مەرامە بەجێ بهێنێ. وا ئێستا، دوای پرس‌و ڕاوێژ بە هێندێ دۆست‌و هاوکاری خۆی،

بەدەستیەوەیە گۆڤارێکی ساڵانەی فراوان لە قەبارەی لاپەڕەی A4دا دەربکات، تەرخانی ئەو بوارانە بێ کە کاریان بۆ دەکات. گۆڤارەکە ناوی "ژین" دەبێ، بۆ زیندووکردنەوەی ناوی هەم گۆڤاری "ژین"ی ئەستەمبووڵ کە ئۆرگانی ناڕەسمیی (جەمعییەتی تەعالیی کوردستان) بوو؛ هەم ڕۆژنامەی "ژین"ی سلێمانی کە "پیرەمێرد"ی شاعیر وەك درێژکراوەیەکی هەر (٥٥٣) ژمارەکەی ڕۆژنامەی "ژیان" لە ١٩٣٩ بەدواوە دەری کردو تا کۆچی دواییی کرد لە ١٩٥٠دا بە ژمارە (١٠١٥)ی گەیاند؛ دوای خۆیشی جەمیل صائیبو نووریی ئەمین بەگو گۆرانو ئەحمەد زرنگ بەردوا تا ساڵی ١٩٦٣ گەیاندیانە ژمارەی کۆتاییی (١٧١٤).

گۆڤاری "ژین" بنکە خۆی سەرپەرشتیی دەکاتو لیژنەیەکی ڕاوێژکاریشی لە پسپۆڕانی ئەم مەیدانە دەبێ. هیوامانە بە کۆششو هاوکاریی شارەزایانو دڵسۆزان بتوانین ئەم کەلێنە دیارە لە ڕۆژنامەوانیی کوردی پڕ بکەینەوە.

**لەچاپدانەوەی گۆڤاری "کوردستان"**

(١٩٤٥-١٩٤٦)

بنکەی ژین، حاڵی حازر سەرگەرمی ئامادەکردنی سەرجەمی ژمارەکانی گۆڤاری "کوردستان"ی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانە (١٩٤٥-١٩٤٦) بۆ چاپ. ئەوی زانراوە، ئەو گۆڤارە هەر حەوت ژمارەی بە شەش بەرگ ایێ بلاو بووەتەوە.، بەم شێوەیە:

ژ١: ١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٤ (٦ی دیسامبری ١٩٤٥)

ژ٢: ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٢٤ (٢١ی دیسامبری ١٩٤٥)

ژ٣: خاکەلێوەی ١٣٢٥ (مارسی ١٩٤٦)

ژ٤: بانەمەڕی ١٣٢٥ (مەیی ١٩٤٦)

ژ٦-٧: پووشپەڕ- گەلاوێژی ١٣٢٥ (کۆتاییی حوزەیران- ئابی ١٩٤٦)

بەداخەوە، ئەگەرچی چەند ساڵێکە لە هەوڵی پەیداکردنی ژمارە (٥)یداین کە نیمانە، هێشتا بێ سۆراخ ماوەتەوە.

نیاز وایە هەرسێ ژمارەی پێشتر بلاوکراوەی گۆڤارەکانی "هەلاڵە"و "گڕوگاڵی منداڵانی کورد"و هەردوو نامیلکەی "هەدییەی کوردستان"و "ئاڵەکۆك"یش بکرێنە پاشکۆ؛ بەوە کۆتایی بە زیندووکردنەوەی ڕۆژنامەوانیی کوردیی پێشو سەروبەندی حکوومەتی میللیی کوردستان لە مەهاباد بهێنرێ.

جا بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم پڕۆژەیە، ڕوو لەو بەڕێزانە دەنێین کە ژمارە (٥)ی گۆڤاری "کوردستان"یان لەلایە، بفەرموون وێنەیەکی بە ئەمانەت بدەنە بنکەی ژین، کە بە سوپاسەوە ئەو خزمەتەو ناوی کەسی هاوکار بۆ مێژوو لەو بەرهەمەدا بلاو دەکاتەوە. چاوەڕوانی هیممەت نواندنی خەمخۆرانی کەلەپووری شارستانیی کوردین.